**گەڵایەکی مات**

خۆشەویستم
ئەمویست
ماچێ لە ڕیتمی ئاو
لە کەناری چاوت بکەم
نامەیێک
حەرفەکانی بە نەسیم
بۆ گەڵای ڕۆحت بنێرم
هەزار ماچم هەبوو
لە ڕەنگی باران
گوڵێکت نەدامێ بۆ ماچ
هەزار حەرفم هەبوو
بۆ نووسین
هەزار ڕەشەبا
ئامادە بوو بیگەیەنێ
نە پەڕێکی خاڵیت هەبوو
نە گەڵایەک
تا حەرفەکانم وەرگرێ
لە بیرمە
چاوەکانم وەک کاپتنێ
سەیری دەریای چاوتی ئەکرد
بەڵام تۆ
چاوت لە شەپۆلی دەریایەکی تر دا ئەگرت
چەند هەڵۆیەکی سادەبووم
لە چاوەڕوانی ئاسمانت
باڵەکانم ڕەق بوونەوە
ئای لەو ڕۆژە بێ تیشکانە
ئای لەو شەوە
ئارامی لێ دزراوانە
چەند درەنگ ڕۆشتن
ئەبێ کەی بێت
ڕقەکانت
لە دەفتەری ڕۆژانەدا بسڕیتەوە
چرای هەستی یەکەم ساتت
لە شەوانی خنکاوی من
دابگیرسێ
فرمێسکەکانم شاهیدن

هیچ شەوێ
دڵم بێ سووتان نەبووە
هەتا ئێستاش
لەناو ئاگری دڵڕەقیتا
دڵم خنکاوە
سەیرکە
چەند بێنازین
من و بەرد
کە دەریای عاتیفەمان
لەیەک ڕووبارەوە دێ
من و ئازار
هێند نزیکین لەیەکەوە
لە کۆڵانی ژیان
هەموو بەیانیەک کە دەرگا ئەکەمەوە
بەیانی باشم لێ ئەکات
دێمەوە لات
وەک ئەوساتانەی
گۆرانی عەشقم فێر کردی
بە دەنگێکی غەمگینتر
لە مناڵەکانی کۆبانێ
حیکایەتی مردنت
بۆ ئەگێڕامەوە
تۆش
وەک هەمیشە
سرودی جێهێشتن بڵێ
***
ڕۆژێ
ئەو دەمەی
مردن
وەک گەڵا لە شەقامێک بۆم هەڵوەری
هێشتا حەقیقەتەکان خەواڵوو بوون
ئەو دەمەی
ژیان
پەڕۆی ماڵئاوایی بەرزکردەوە
کەشتی خەونم
هێشتا کە ناری جێ نەهێشت بوو
ئەو ڕۆژە
لێوم بۆ مردن برد و

کەچی
وەک سەراب لێوەکانی وون بوون
ببینە
چ وەرینێک لەگەڵ خۆی بردووم
چ ڕوخانێک دەستی گرتووم
چ سەفەرێک پیر
جوانی لێ دزیم و
دای بەو تیشکانەی
کە بە ماچ
دڵی گوڵەکان ئەسوتێنن
سەیرکە
غەمەکان چەند بێ باکانە
قژی هەستەکانم دا دەهێنن
کە وەرینی خۆمم بینی
ئەو دەمە ئەمەویست بگریم
بەڵام کە تۆ
فرمێسکت لە چاوما نەهێشت
چی بڕێژم ؟
کە گۆڕستان نەماوە بێ هەڵەی تۆ
کامە هەڵەی تر بنێژم
خۆشەویستم
با
دەستی گەڵا ئەگرێ و
تیشکەکان دەستی گوڵ
نۆتەکانی شەپۆل
ئەڕۆنەوە باوەشی دەریا و
سەوزیش ئەچیتەوە لای بەهار
سەیرکە چۆن
هەموویان لەگەڵ یەک ئاشت ئەبنەوە
کەچی
(تو)
لە ڕستەکانیشا
لەگەڵ من تێکەڵ نابیتەوە
هەمیشە
(بێ)
تۆم لێ ئەسێنێت
نزا ئەکەم
لەگەڵ کاروانی ئەمجارە

پەپولە و
گوڵ و
باران
جێ بمێنن
بەڵام (تۆ) بگەڕێیتەوە
تا چیتر(من)
تەنیایی لەسەر پەڕەکان نەنووسێ.

سوزی بابانی